# دیداری زانستی:
# ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
# (بژاردە و بەربەستەکان)

وشە کلیلییەکان: حکومەت، حوکمڕانی باش، ڕەوایەتی سیاسی، هەرێمی کوردستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10015

دیداری زانستی هاوبەشی:
(سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی) و (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان - زانکۆی سلێمانی)
هەولێر - پێنج شەممە - ٢٥/ ١٠/ ٢٠١٨

# المنتدى العلمي:
# مستقبل حكومة اقليم كوردستان
# (الخيارات و المعوقات)

المنتدى العلمي المشترك لـ:
**(مركز الدراسات المستقبلية) و (كلية العلوم السياسية - جامعة السليمانية)**
**اربيل - الخميس - ٢٥/ ١٠/ ٢٠١٨**

# Scientific Forum:
# The Future of the Kurdistan Regional Government:
# Options and Obstructions

Joint Scientific Forum between:
(Center for Future Studies) and (College of Political Science – University of Sulaimani)
Erbil – Thursday – 25 / 10/ 2018

## دەستپێک:

بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لە سایەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٨/٩/٣٠، (سێنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی) و (کۆلێجی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی)، بەچاودێری و ئامادەبونی بەڕێز (د.یوسف گۆران) وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠١٨/١٠/٢٥ لە هۆڵی کۆبونەوەکانی هۆتێل شیراتۆن، دیدارێکی زانستی هاوبەشیان بەناونیشانی (**ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: بژاردە و بەربەستەکان**) رێکخست. دیدارەکە لە چوار تەوەر پێکهاتبوو، لەهەر تەوەرێکدا پەیپەرێکی زانستی پێشکەشکرا، لەلایەن هەریەک لەم بەڕێزانە: (**د. یوسف گۆران**) وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و (**پ.ی.د. ئومێد رفیق**) سەرۆکی سەنتەری لیکۆڵینەوەی ئایندەیی و (**د. فرسەت سۆفی**) ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و (**د.عبدالحکیم خسرو**) مامۆستای بەشی زانستە سیاسیەکان لە کۆلیجی یاسا و رامیاری زانکۆی صلاح الدین. دیدارەکە لەلایەن بەڕێز (د.هەردی مەهدی) جێگری سەرۆکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بەڕیوەبرا.



لە دیدارەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەکادیمیست و توێژەر و کەسایەتی سیاسی و حکومی ئامادەبوون، لەسەرەتای دیدارەکەدا، بەرێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سوپاسی (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی) و (کۆلێجی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی) کرد، کە لەم کاتە گرنگەدا هەوڵیانداوە ئەکادیمیستان و پسپۆرانی پەیوەندیدار کۆبکەنەوە تابتوانن لە بواری بریارە سیاسیەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەدەر لە بیروبۆچونە حزبیەکان، رۆڵی باشتر ببینن.

**تەوەری یەکەم: پەیپەری (د.یوسف گۆران):**

بۆ ئەوەی قسە لەسەر داهاتوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، گرنگە لێرەدا چوارچێوەیەك بۆ قسەکانمان دابنێین و، قسە لەسەر ئەوە بکەین کە حکومەتی هاوچەرخ لە دنیا چۆنە و دیدیان چۆن؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش، دەڵێین کە بوونی حکومەت و ئەرك وکارەکانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك و لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەێنێت کە نیشانەی هاوبەش بۆ حکومەتی باش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتەکان خەسڵەتی تایبەتییان بەپێی جوگرافیا و نەتەوە دەبێ. ئەم سێ خاڵە گرنگترین نیشانە هاوبەشەکانی حکومەتی باشن:

- **حکومەتێکی چالاك:** حکومەتی چالاك واتا چالاك چ وەك دامەزراوە چ وەك کەسایەتیەکان چ وەك بونیادی دەستوری و یاسایی.
- **حکومەتی کراوە:** دەبێ حکومەت، حکومەتێکی کراوەبێ بەڕووی بیرووچۆنی تازە و ئەو گورانکارییە نوێیانەی لە دنیا ڕوودەدەن، بۆیە دەبێ حکومەت لە هەمو سێکتەرەکان کراوە بێت، لەبەرئەوەی ناکرێت لەسەردەمی گلۆبالدا هیچ حکومەتێک کراوە نەبێ.
- **خەڵك باوەڕیی پێبێ:** حکومەت دەبێ جێگەی باوەڕی خەڵك بێت و، خەڵك متمانەی پێی هەبێ، بۆیە هەرچەندە حکومەت چالاك و کراوەش بێ، بەڵام ئەگەر جێیی باوەری خەڵك نەبێ، ناتوانێ لە ڕاپەڕاندنی کار و چالاکییەکانیدا سەرکەوتوو بێ.

هاوکات لە ڕووی نەتەوەییشەوە هەر حکومەتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە ئێستا بپرسین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چ جۆرێکە؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش پەلکێشمان دەکات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکیتر ئەویش ئەوەیە کە: هەرێمی کوردستان کە نوێنەرایەتی قەوارەی کوردی دەکات و، ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەیەکانی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردەوە دەستی پێکردوە، ئایا ئێستا ئەم ئەرکەی تەواو بووە یان تەواو نەبووە، یاخود بەدیهێنانی ئەم ئەرکەی لە قۆناخێکی نوێدایە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، دەڵێین: ئەگەر پێناسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، کە دەسەڵات و سنور و شێوەی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی تا ئیستا سەقامگیر نەبووە، ئەو حکومەتەش کە ئەرکێکی نیشتیمانی ماوە و کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێردراوی ماوە و هێشتا چارەسەر نەکراوە جیاوازە لەگەڵ ئەو حکومەتەی کە سەقامگیرە وتەنها ئەرکی خزمەتگوزاری لە ئەستۆدایە. بۆیە ئێمە وەک هەرێمی کوردستان هێشتا سنوری حکومەتەکەمان دیاری نەکراوە، تا ئێستا دەسەڵاتەکانمان یەکلایی نەکراونەتەوە، چونکە هەندێ دەسەڵات هەیە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق باسکراوە، بەڵام هێشتا یەکلای نەکراوەتەوە، کاتێك کە یەکلاییکرایەوە، ئەوکات دەتوانرێ باشتر کاروبارەکانی ڕایی بکرێ، بۆ نموونە لە بواری دارایی و پێشمەرگە و پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەبەرئەوە کە دەسەڵاتەکان یەکلایی نەکراونەتەوە و جێگیر نیە و، تا ئێستاش سنور و دەسەڵات لە حکومەت سەقامگیر نەبێ، بۆیە جیاوازە لە حکومەتێکی سەقامگیر.

سەبارەت بە ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاتێك باس لە ئایندەی ئەم حکومەتە دەکەین دەبێ باس لە بەرنامەی ئەم حکومەتەش بکەین، وەك بابەتە خزمەتگوزارییەکان، یان ستراکچەری حکومەت، بۆ ئەوەش دەبێ بپرسین ئایە حکومەت توانای خۆبەڕێوەبردنی هەیە؟ و لەگەڵ ئەم سەردەمی بەڕێوەبردنەی ئێستا ئەگونجێ؟ ئایا حزبەکان نوێنەرایەتی کام جۆری لە بەڕێوەبردن دەکەن؟ بژاردەکانی حکومەتی داهاتوو چییە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەڵێین: دەبێت کابینەنەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکان بکات، وەك لایەنی خزمەتگوزاری هاوڵاتیان و کێشە نەتەوەییەکان، بۆیە دەبێ حکومەتی ئایندە نوێنەرایەتی هەردوو ئەو بابەتە بکات و، بەرنامەڕێژییان بۆ بکات، هەر هێز و لایەنێکیش ببێتە بەشێکی سەرەکی لە حکومەتی داهاتوو دەبێ توانای ئەوەی هەبێ لەو دوو کایەیەدا کارا بێت و کار بکات.

دەبێ حکومەتی داهاتوو بواری ئابوریی لە ئابوری تاك ڕەهەندەوە بەرەو ئابوری فرە ڕەهەند بەرێت، چونکە ئابووری تاك سەرچاوە هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر قەوارەکەمان.

دەستنیشانکردنی فۆرمی بەڕێوەبردنی تازە، ئەم جۆرە واقیعەی کە ئێستا لە قۆناخی ڕزگاری نیشتمیانیدایە و هێشتا فۆرمە کارگێڕیەکەی تەواو نەبووە، بۆیە دەبێ قسە لەسەر ستراکچەر و جۆری حکومەتەکە بکەین.



**تەوەری دووەم: پەیپەری (د.فرسەت سۆفی):**

سەبارەت بە بەربەستەکانی بەردەم حکومەتی ئایندەی هەرێمی کوردستان کێشە و ئاستەنگی زۆر و جۆراو جۆر هەن کە لە چەند خاڵێکدا دەیخەینەڕوو:

- **دابەشکاری سیاسی:** یەکێك لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان، کە تا ئێستا بوونی ماوە و چارەسەر نەکراوە، دابەشکاری سیاسیە، بۆیە تا چارەسەری ئەو کیشەیە نەکەین و بەردەوام بێ، لە کاتی

سەرهەڵدانی هەر قەیرانێك، یان هەڕەشەیەك، ئەو دابەشكارییە سیاسیە زیندوو دەبێتەوە، لە ڕابردوشدا بینیمان چۆن دوبارە بۆتەوە، بۆیە ئێستا كاتی ئەوەیە ئەو واقیعە سیاسیەی كە هەیە و نەمانتوانیوە چارەسەری بكەین، بەسود وەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتانی دنیا چوارچێوەیەكی یاسایی بۆ بدۆزینەوە و چارەسەری بكەین، ئەوەش بەوە دەكرێ حكومەت سەرپەرشتی مەلەفەكانی (دارایی، نەوت، بەرگری و پەیوەندییەكان) بكات و، بوارەكانی دیكەی خزمەتگوزاری بدریتە پارێزگاكان، ئەو كات هەموان هەست بەئەرك و بەرپرسیارێتی دەكەن.

- **نەبوونی دەستور:** بەشێک لە چارەسەركردنی ئەو كیشەیە سەرەوە پەیوەستە بە دانانی دەستوری هەرێمی كوردستان كە زۆر پێویستە دەبێ هەر ببینە خاوەن دەستور، نوسینەوەی دەستورو بونیاد نانەوەی دام ودەزگا یاساییەكانە، وەكو پتەوكردنی ژێرخانی دام و دەزگایی بە پیویستی ستراتیژی وەسف دەكرێت.
- **جێبەجێنەكردنی حوكڕانی باش:** هەموان هاوڕاین كە ئەم هەرێمە تا ئێستا حكومڕانیەكی باشی تیدا جێبەجێ نەكراوە، بۆیە دەبێ بەجدی حوكمڕانیەكی باش و سەركەوتو پێشكەش بكەین.

پێشنیازی من، بۆ زاڵبون بەسەر ئەم بەربەستانەدا، ئەوەیە كە دەبێ ئۆپۆزسیۆنێكی كارا و حكومەتێكی بچوك هەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵیەكان و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری باشتر، ئەوەش بەسود وەرگرتن لە هەڵە و كەموكوڕییەكانی ڕابردوو دەبێت.

**تەوەری سێیەم: پەیپەری (د.ئومێد ڕەفیق):**

بەپێویستی دەزان ئاماژە بۆ هەندێک لەو هەڕەشە و مەترسیانە بكەم كە لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستانە، بەتایبەت هەڕەشەی یەك نەخستنی هیزەكانی پیشمەرگە وەک سوپایەكی نیشتیمانی پیشەیی خاوەن بیروباوەری سەربازی و هەڕەشەی دوو ئیدارەیی. ئایا هەڕەشەی دوو ئیدارەیی هەڕەشەیەكی ڕاستەقینەیە یان تەنها بۆ ترساندنە؟ ئایا دروشمەكانی (بونیادنانی كوردستانێكی بەهێزی پارتی) و (ئارامی یەكێتی) چۆن لەگەڵ هەڕەشەی دوو ئیدارەییدا یەك دەگرێتەوە؟



بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەش دەڵێین: ڕابردوی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢ ەوە کە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دامەزراوە، هەوڵەکان بەردەوامبوون بۆ یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و دروستکردنی سوپایەکی نیشتیمانی پیشەیی لەژێر چەتری بیروباوەری سەربازی. هەوڵەکان کە پیشتر درابوون بۆ یەکخستنەوەی دوو ئیدارەیی، بینمیان لە دوای ریفراندۆم ئەو هەوڵانە هەڵوەشایەوە. تائیستا نەفەسی حیزبایەتی سەخت لەناو هێزەکانی پیشمەرگە بوونی هەیە. ئەمەش وایکردوە مەترسی و هەڕەشەکان بەردەوامن، ئایا چۆن دەتوانین کوردستانێکی بەهێز و ئارام دروست بکەین، لەکاتێکدا هێزەکان لەبەردەستی حیزبەکاندا بن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش دەڵێین: ئەم دوو حیزبە نایانەوەێ یەکگرتنەوە ڕوبدات، یاخود ئیرادەیان بۆ یەکخستنی هیزەکانیان لاوازە، سەرەڕای ئەوەی چەندین هەوڵی ناوخۆیی بۆ ئەم کارە هەبووە، هەروەها لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق چەند هەوڵێکی حکومەتی ناوەندی هەبووە، لەگەڵ هەوڵەکانی هیزە فرەڕەگەزەکان لە دوای ٢٠٠٥ و بەتایبەتیش هەوڵەکەی (ئەمریکا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا) کە بە پرۆژەی چاکسازی راوێژکاری هێزە فرەڕەگەزەکان ناسراوە و لە چوارچیوەی ٣٥ خاڵدا خراوەتە ڕوو. هاوکات لەبەرامبەر ئەو هەوڵانەدا کۆمەڵێك بەربەست هەبوون.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی زۆرتر بە پیشەییبوونی هێزەکانی پیشمەرگە بدات و بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان پەروەردەیان بکات و بەهێزیان بکات، بەم هەنگاوەش دەتوانین هەڕەشەی دوو ئیداری بنەبڕ بکەین.



**تەوەری چوارەم: پەیپەری (د.عبدالحکیم خەسرۆ):**

دەبێت سەرەتا باس لە پێناسە و تێڕوانینی حزب و لایەنە سیاسیەکان بۆ (حکومەتی هەرێمی کوردستان) بکەین، ئەوەش کیشەیەکی گەورە. پێناسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلای حزبە سیاسیەکان جیاوازە، بەشێوەیەکی گشتی سێ تێگەیشتن و پێناسە بۆ (حکومەتی هەرێمی کوردستان) هەیە، ئەوەش ئەمانەن:

- **حکومەتی لۆکاڵی:** بەپێی ئەم پێناسەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی لۆکاڵیە و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا کاروباری ڕۆژانەی خەڵك بەڕێودەبات، بۆیە هەر کەموکوڕیەك هەبێ پەنا دەبەنە بەر حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەم بۆچوونە لەلای حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان هەیە و لە ماوەی ڕابردوشدا بینیمان.
- **حکومەتی دیفاکتۆ:** پێناسەی بەشێکی نوخبەی پارتی و یەکێتیی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دیفاکتۆیە و وەك نەواتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لێی دەڕوانن، بۆیە دەڵێن دەبێ سیاسەتەکانی جیاوازبێ لەگەڵ حکومەتی عێراق و، لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەیتەکانیش جیاواز بێ لە عێراق، بەڵام پێویستە چوارچێوەیەکی یاسای بۆ بدۆزنەوە.
- **حکومەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی:** وتی بەشێکی دیکە پێم وایە لەناو سەرکردەکانی پارتی و هەندێک لە یەکێتیش هەیە پێیان وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامرازێکە لە ئامرازەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دەبێ هەموویان لە خزمەت ئەو ئامانجەدابن کە پێیی دەوترێت بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

لەئەنجامدا دەڵێین ئەم پێناسە و بۆچوونە جیاوازانە و کۆکردنەوەیان و داڕشتنەوەیان لە سیاسەتێکی هاوبەش لە حکومەتێکدا زەحمەتە. لە ماوەی ڕابردودا بینیمان کە سەرکەتوو نەبووە، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەسەرەتادا دەبێ بگەینە پێناسەیەکی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، تابتوانێ سیاسەتی ئایندی دابرێژێ.



لە کۆتایی دیدارەکەدا، چەندین پرسیار لەلایەن ئامادەبووانەوە ئاڕاستەی پێشکەشکارانی پەیپەرەکان کرا و ئەوانیش وەڵامی پرسیار و سەرەنج و بۆچوونەکانیان دایەوە.